Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C23

# یوفیمیزم و دیسفیمیزم لە زمانی کوردیدا (زاری ژووروو ، شێوەزاری گەرمیان) بەنموونە

دارا حەمید محەمەد[1] ، دلفین مقداد ئەحمەد[2]

١- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

٢- بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی دهۆک، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

**یوفیمزم ، دیسفیمزم، زار، شێوەزاری گەرمیان، گوتن**

**Corresponding Author**

dara.hamid@garmian.edu.krd

**پوختە:**

زمان سیستەمێکی هێمایی ئاڵۆزە، ئەرکەکانی پەیوەندیکردن و لێکتێگەیشتن لە نێوان کۆمەڵدا لە ڕێی دروستە و واتازمانییەکانەوە بەجێدەهێنرێت . داهێنان لە بەجێهێنانی ئەرکەکانی زمان بەپێی کەتیگۆری و پۆلەڕەگەزە فەرهەنگییەکان و ئەو دەوروبەرانە دەبێت، کە زمانی تێدا بەکاردەهێنرێت، جێگرتنەوە و جیگۆڕکێ بە وشەکان و لەبری یەکتربەکارهێنان بەشێوازی ئەرێنی و نەرێنی، کە لە فۆرمەکانی (یوفیمیزم **EUPHEMISM**و دیسفیمیزم**DYSPHEMISM** )دایە جۆرێکە لە هونەری بەکارهێنانی زمان و داهێنان لە گوزارشتکردندا. کە ناوەرۆکی ئەم توێژینەوەیە وێڕای خستنەڕووی چەمکەکان و شیکردنەوەیان، لە زاری ژووروو و شێوەزاری گەرمیاندا لەبارەیانەوە کۆڵیوەتەوە، هەردوو زاری ژووروو و شێوەزاری گەرمیان وەك دوو ناوچەی جوگرافیی فراوان لە کوردستان خاوەنی سامانێکی زمانیی زۆرو دەوڵەمەندن ،سەرچاوەکەیان وەك زاری ژووروو لەبوونی دەیان شێوەزار و بنزاردایە، هەرچی شێوەزاری گەرمیانە خاوەنی تایبەتمەندییەکە جیایدەکاتەوە لە زار و شێوەزارەکانیتر، وەك بوونی سێ زاری سەرەکی لەمشێوەزارەدا، ئەوانیش زارەکانی(ناوەڕاست، خواروو، گۆران)ن ئەمەش سەرچاوەی دەوڵەمەندی شێوەزارەکەیە لەڕووی وشەو فەرهەنگەوە، هەربۆیە ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ کارکردن لەسەر شیکردنەوەی چەمکەکانی یوفیمیزم و دیسفیمیزم و شێوازەکانی بەکارهێنانیان لە زاری ژووروو و شێوەزاری گەرمیاندا.

## پێشەکی:

توێژینەوەکە بە ناونیشانی(یوفیمیزم و دیسفیمیزم لە زمانی کوردیدا، زاری ژووروو و شێوەزاری گەرمیان بەنموونە)یە، کار لەسەر هەردوو چەمکی یوفیمیزم و دیسفیمیزم وەك دوو چەمکی چالاك لە زاری ژووروو و شێوەزاری گەرمیاندا دەکات، توێژینەوەکە بەپێڕەوکردنی میتۆدی پەسنی شیکەرەوەیی ئەنجامدراوە و سنوری کارەکە زمانی ئاخێوەرانی زاری ژووروو و شێوەزاری گەرمیانن، گرنگی باسەکە لەوەدایە یەکەمجارە شیکردنەوە و پەسنکردنی هەردوو چەمکی یوفیمیزم و دیسفیمیزم لە هەردوو زاری ژووروو و شێوەزاری گەرمیاندا دەکرێت، هەر ئەوەش بۆخۆی گرفتی توێژینەوەکە پێکدەهێنێت .

توێژینەوەکە هەوڵدەدات وەڵامی ئەم پرسیارانە بداتەوە:

1- چەمکی یوفیمیزم چییە؟
2- چەمکی دیسفیمیزم چییە؟
3- هۆکاریی بەکارهێنانی یوفیمیزم و دیسفیمیزم لە ئاخاوتندا چین؟
4- مەبەست لە کۆدگۆڕین چییە؟
5- کاریگەرییە ئەرێنی و نەرێنییەکانی کۆدگۆڕین چین؟

بەمەبەستی گەیشتن بە ئەنجامەکان، توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر ئەم پێشەکییە و دووبەشدا بەمشێوەیە:

بەشی یەکەم باس لە چەمکی یوفیمیزم و هۆکارەکانی پەنابردنە بەر بەکارهێنانی وشە و دەربڕین لەجێی یەکتر .

بەشی دووەم تایبەتە بە چەمکی دیسفیمیزم و هۆکار و کاریگەرییە نەرێنییەکانی بەکارهێنانی لە زماندا .

لە کۆتاییشدا گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتەڕوو .

## بەشی یەکەم: یوفیمیزم، چەمك و هۆكاری بەكارهێنانی

یوفیمیزم هونەری بەكارهێنانی زمانە بەشێوەیەكی جوان و پەسەندكراو، یوفیمیزم( بریتییە لەو شێوازەی كە قسەكەر بەكاریدێنێت لەكاتی باسكردنی وشەیەكی تابو).(Scmidt.2021:87) Zhuo Jing) وەرگیراوە لە (ڕێژنە ئیسماعیل،2023: 149) . بەمەبەستی دووركەوتنەوە لە بەكارهێنانی وشەی نەشیاو و تابوو قسەكەر زۆرجار پەنادەباتە بەر بەكارهێنانی وشە و دەربڕینی جێگرەوە، ئەوەش بەمەبەستی پاراستنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان و بەردەوامیی لە گۆرینەوەی بیر و ڕاكان . قسەكەر بەمەبەستی دووركەوتنەوە لە بەكارهێنانی ئەو دەربڕینانەی دەبنە سەرچاوەی ئازار بۆ گوێگر و ئینجا بەپێی بنەمای ڕازیكردن، كە بە سوودوەرگرتنی قسەكەر و گوێگر كۆتایی دێت، دەربڕینە نەرمونیان و پەسەندكراوەكان لەجێی هەندێ دەربڕین بەكاردێنێت، كە قبوڵكراونین یان ئازاربەخشن. وەك نموونەكانی 1- ا-ب-پ-ت-:

| وشە | لە زاری ژوورو | لە شێوەزاری گەرمیان |
|---|---|---|
| 1-ا- مرد | چوو بەر دلۆڤانیا خودێ ، ئەمرێ خودێ كر | كۆچی دوایی كرد، چاوی لێكنا، ماڵئاوایكرد |
| ب- پیر | دانعەمر | بەتەمەن |
| پ- فرەزان | زانا، شەهرەزا | دنیادیدە، شارەزا، بەئەزموون، |
| ت- فێڵباز | فەنان | لێزان- كەڵەكباز، حیلەباز |
| ح- چەنەباز ، لەوچە | پرێژ ، زێدەبێژ | فرەوێژ ، زۆر بڵێ |

بەبۆچوونی وانریب یوفینیزم ئەو دەربڕینانەن كە قسەكەر بەمەبەستی خۆڕزگاركردن لە بنیاتنانی هەستێكی ناپەسەند لای گوێگر و پاراستنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان پەنادەباتە بەر بەكارهێنانیان، بەوەش گوتنەكەی فۆرمێكی فەرمیتر وەردەگریت لە گوتنی تابوو، كە زۆرجار لە پەیوەندییە نافەرمییەكاندا ئاسایی بەكاردێت. بۆزیاتر بڕوانە(مستەفا،2013: 18) . وەك نمونەكانی2 ا-ب-پ

| وشە | لە زاری ژوو | لە شێوەزاری گەرمیان |
|---|---|---|
| 2-ا درۆ | پێڤەدنیت | شەكەرت خوارد، ڕاست نییە، وانییە |
| ب- گێل | خشیم،هاشخۆنە | فەقیرۆكە |
| پ- نەزان | نە شارەزا | نەشارەزا |

زمان لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە و كۆمەڵ زمان هەڵدەسوڕێنێت و دەسەڵاتی بەسەریدا هەیە و چۆنی بوویت ئاوا ئاراستەیدەكات، بۆیە هەموو كاریگەرییە كۆمەڵایەتییەكان ڕاستەخۆ كاریگەرییان لەسەر زمان هەیە، كە ئەمانەن (فەرەج، 2011: 8):

1. كاریگەرییە جێگیرەكان: بۆ نموونە (نەژاد، ڕەگەز، چینی كۆمەڵایەتی (باگراوندی كۆمەڵایەتی).
2. كاریگەرییە گۆڕدراوەكان: وەكو (خوێندن، تەمەن، ژینگەی كۆمەڵایەتی، هەڵوێستی ئاخاوتن، مۆدێلی قسەكردن).
3. كاریگەرییە هەنوكەییەكان/دەوروبەر: ئەمەیان پەیوەستە بە بارە كۆمەڵایەتییە هەنوكەییەكانەوە (كاركردن، ماڵەوە، كۆمەڵی ئاخێوەران...هتد).

ئەو كاریگەرییانە ڕاستەوخۆ لە ئاخاوتندا ڕەنگدەدەنەوە و وەك یاسا و بنەمای كۆمەڵایەتی ئاخێوەر لە كردەی بەكارهینانی زماندا پابەندیان دەبێت، بە تایبەتیش لە دەوروبەری بەكارهێنانی وشە و دەربڕینگەلێك، كە كۆمەڵ ڕێگە بە بەكارهێنانیان نادات یان هۆكارە بۆ بنیاتنانی كاریگەریی نەرێنی لەسەر پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان .

هەڵبەت، زمان و كۆمەڵ پێوەندییەكی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە، زمان لەناو كۆمەڵدا كاردەكات و مرۆڤیش لە كۆمەڵەوە زمان فێردەبێت، هەموو دیاردە كۆمەڵایەتییەكان ڕاستەوخۆ كاریگەرییان لەسەر زمان هەیە و بە پێچەوانەشەوە، زمان هەموو ئەركەكانی لە كۆمەڵدا ئەنجام دەدات. واتە هەر گۆڕانێك كە لە كۆمەڵدا ڕوودەدات كاریگەری لەسەر زمان دەبێت و لەگەڵ خۆیدا زمانیش دەگۆڕێت، بۆیە گۆڕانكارییە زمانییەكان پەیوەستن بە گۆڕانە كۆمەڵایەتییەكانەوە، (چونكە گۆڕانی كۆمەڵایەتیی، بەواتا گۆڕانی مەرجەكانی ژیان و فۆرمەكانی ژیان و گرووپە كۆمەڵایەتییەكان، كە كاردەكەنەوە سەر زمان و زمانیش كاریان تێدەكات (كۆمەڵێك زمانەوان، 2009: 90)،وەرگیراوە لە(پێشكەوت مەجید، پێوەرەكۆمەڵایەتییەكانی ئاخاوتن) .گۆڕین و جیگرتنەوەی وشەكان لە زماندا لە ئەنجامی بەكارهێنان و پەیوەندیكردن و وابەستەگی گۆڕانە كۆمەڵایەتییەكانی ژیانە، لەمڕۆدا ژیانی كۆمەڵاتی لە كوردستاندا گۆڕانكاری زۆری بەسەرهاتووە، تەریب لەگەڵ ئەو گۆڕانە كۆمەڵایەتییانەدا لە زماندا گۆڕانكاری ڕوویداوە، بۆ نموونە هەندێ دەربڕین لە زمانی كوردیدا پێشتر كەمبوون یان نامۆبوون ئێستا ئاسایی بەكاردەهێنرێن، وەك دەربڕینەكان لەپەیوەندیكردنی ژن و پیاودا وەك نموونەی 3 ا-ب:

| پێشتر | ئێستا لەشێوە زاری گەرمیاندا | لە زاری ژووروودا |
|---|---|---|
| 3-ا-ژنكە | ئازیزم ، دایك.... | ڕحێ، دلیمن،دایكا... |
| ب-پیاوەكە | (بە ناوی خۆی) یان باوك.... | بابێ...،سەیدا، ب ناڤێ وی دهێتە گازیكرن ، |

یوفیمیزم جۆرێكە لە كۆد گۆڕین ، كۆدگۆڕینیش گۆڕینی شێوازی قسەكردنی جووتزمانەكانە لە فەرمییەوە بۆ شێوازی نافەرمی یان بەپێچەوانەوە چونكە لەشێوازە نافەرمییەكاندا كۆدتێكەڵكردن زیاتر ڕوودەدات. ( كۆدگۆڕینەوە دیاردەیەكی كۆمەڵایەتییە پچڕانی پەیوەندی نییە، بەڵكو لێهاتوییەكە و یارییەكی زیرەكانەیە، كە جووت زمانەكانان بەو دوو زمانەی یان زیاترەی دەیزانن بۆ بەدیهێنانی ئەركەكانی پەیوەندیكردن ئەنجامیدەدەن ، بۆئەومەبەستەش ئاخێوەر زیرەكانە و بۆ خۆگونجاندن، ئاخاوتنەكەی دەگۆڕێت بۆ زمانەكەی تر بۆئەوەی زووتر بگات بە مەبەستەكەی خۆی(شاخەوان جەلال و هیوا مەولود "2018: 8) مرۆڤ زۆرجار بۆ خۆڕزگاركردن لە هەندێ دەربڕین كە پەسەندكراونین و لادان و دوورخستنەوەی سەرنجی گوێگر كۆدگۆڕین یان كۆد تێكەڵكردن بەكاردەهێنێت بۆنموونە لەجێی ئەوەی بوتریت(تەمەڵ) كە زۆرجار پەسەندكراو نییە ئاخێوەر وشەی(كسلان) بەكاردەهێنێت، كە لێكدانەوە و تێگەیشتنی هەندێ كاتیدەوێت بەوەش كاریگەرییە ڕاستەوخۆكەی كەمدەبێتەوە .

بەكارهێنانەكانی یوفیمیزم بەپێی كەلتوورەكان جیاوازە، هەر كۆمەڵگایەك هەندێ وشە بە یوفیمیزم دادەنێ، بەپێی ئەو كەلتورەی كە باوە لەو كۆمەڵگایە، چونكە ئەم بابەتە لە كەلتورێكەوە بۆ كەلتورێكی تر گۆڕانی بەسەردادێت بەو واتایەی (ئەوەی لە كەلتورێك تابۆبیت، مەرج نیە لە كەلتورێكی تر تابۆبیت)(

(Geoffrey Leech, 1981: 146) . بۆ نمونە لە کۆمەڵگای کوردی باسکردنی هەندێ دیاردەو بابەت تابۆیە و جێگای شەرمە بەڵام لە کۆمەڵگایەکی تر بە ئاسایی باسدەکرێت و تابونیە. ( لە زمانی کوردی بەهۆی ڕەچاوکردنی باری کۆمەڵایەتی و کەسی و نەوڕژاندنی بەرامبەرەکەی، مرۆڤ لەڕووی نایەت بەکاریان بێنێ) وە ئەگەر بەکاریشی بێنی ئەوە هەندێ دەستەواژەی وەك( بلا معنی ، عەیب نەبی، تەشبیهە نەبی ) لەگەڵی بەکاردێنێ.( دزەیی، 2010: 98)

هەر گرفتێك لە دروست بەکارهێنانی زمان بە هەژموون و کاریگەری ڕێسا جڤاکییەکان، کاریگەری نێگەتیڤی لەسەر پێگەی تاك و پەیوەندییەکانی دەبێت، لەبەرئەوە بەرانبەر بە پچڕانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بۆ بەردەوام بون و پتەوکردنی پەیوەندییە جڤاکییەکان قسەکەر یوفیمیزم بەکاردێنێت، کەواتە یوفیمیزم ( بریتییە لەو شێوازەی قسەکردن، کە تێیدا دەربڕینی ناڕاستەوخۆ لە شوێنی دەربڕینی زبر و نەشیاو بەکاردێت).( Samuel king,2015:

یوفیمیزم (بەکارهێنانی دەستەواژەی جوان و پەسەندە لە شوێنی دەستەواژەی ناشرین و ناپەسەند137 :Geoffrey Leech ,1981).

یوفیمیزم بریتییە لە هەڵبژاردنی وشە و گۆڕینەوەی بە وشەیەکی تر و پەردەپۆش کردنی ئە وشانەی زبر و نەشیاون یان تابۆن، بە مەبەستی ڕێزگرتن لە کەسایەتی خۆت و بەرانبەر. بۆ نمونە لە هەندێ وڵات لە بری ( کەناس)، دەستەواژەی ( ئەندازیاری تەندروستی) بەکاردێت(ڕێژنە ئیسماعیل،2023: 150) .

## پاری دووەم : هۆکارەکانی بەکارهێنانی یوفیمیزم

1- مەبەستی سەرەکی بەکارهێنانی یوفیمیزم خودپاراستنی ئاخێوەرە لە بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی نەشیاو بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان ، ئەوەش بە ئامانجی پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتی خۆی .

2- زمان ڕەنگدانەوەی ئاستی ڕۆشنبیری و پێگەی کۆمەڵایەتی و ئەزموون و دونیابینی تاکە، هونەری بەکارهێنانی زمان ڕەنگدانەوەی کەسێتی تاکە، پاراوی زمان و دوورکەوتنەوەی لەبەکارهێنانی وشە و دەربڕینی ناپەسەند و تابوو نیشانەی کەسێتی سەرکەوتوو شارەزا بە نەریتە کۆمەڵایەتییەکانە .

3- ئامانجی قسەکەر لە گۆڕینی هەندێ لە وشە و دەربڕینەکان، ڕەچاوکردنی باری دەروونی و بریندارنەکردنی هەستی بەرامبەرە . گرنگترین خاڵی بەکارهێنانی یوفیمیزم پاڵنەری دەروونییە بەتایبەتی لە کاتی گەیاندنی هەواڵی ناخۆش قسەکەر هەوڵدەدات بە جوانترین شێوە و کەمترین کاریگەری نەرێنی هەواڵەکە بگەیەنێت. بۆنموونە پزیشك کە کەسێك لە تووشبوونی بە نۆخۆشییەکی کوشندە ئاگاداردەکاتەوە پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانی نەرمونیانترین دەربڕینەکان.

4- کەمکردنەوەو شاردنەوەی کاریگەری نێگەتیڤی وشە لەسەر وەرگر، بەتایبەت ئەو وشانەی کە وەرگرتنیان ئاسان نییە و کاریگەری نێگەتیڤ دروست دەکەن. وەکو باسکردنی بابەتی ( مردن و نەخۆشی و ترس)، جا بۆ کەمکردنەوەی ئازاری ئەم وشانە یوفیمیزم بەکاردێت (سەرچاوەی پێشوو).

5- ڕێزگرتن لەبەرانبەر یەکێکیترە لە ئامانجەکانی بەکارهێنانی یوفیمیزم، ڕێزگرتنی زمانی هۆکارێکی گرنگە بۆ پتەوکردنی پێوەندییەکانی نێوان قسەکەر و گوێگر و سەرکەوتن لە گفتوگۆکاندا، ئەمەش پەیوەستە بە پەیوەندی نزیکی و دووری خزمایەتی و پلەی کۆمەڵایەتی نێوان تاکەکانەوە، بە گشتی لە هەموو کەلتورەکاندا خەڵکی حەزیان بە ڕەفتاری زمانی جوان و بە ڕێزانەیە، بەواتا ڕێزگرتن (ڕەفتارێکی زمانی خۆویستانەیە و یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی زمان، بۆ درێژەپێدانی پێوەندییەکان پێویستە، ئەمەش لە ڕێگەی جوانڕەفتاری و نەرمونیانی و شێوازی دەربڕینی گونجاو لەلایەن قسەکەرەوە بە مەبەستی ڕزگاربوون لە بارگرژی و ململانێ لە پێوەندییە کەسییەکاندا (حەمەڕەشید مەعروف ، 2012: 14).

6- پەنابردن بۆ چەمکی یوفیمیزم ڕاستەوخۆ وابەستەیە بە کەلتوورەوە، واتە کەلتوور هەژموونی بەسەر زمانی ئاخاوتنی ئاخێوەرانەوەهەیە، کەلتور ناوێکی گشتییە سەرجەم کردار و ڕەوشتە کۆمەڵایەتییە بەدەستهێنراوەکان دەگرێتەوە کە لەڕێی هێماکانەوە دەگوێزرێنەوە، چونکە کەلتور ناوێکە بۆ هەموو دەستکەوتە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ لە زمان هونەر، زانست، یاسا و دەسەڵات و بەها و داب و نەریتەکان، بیروباوەڕ و ئایین، کارە دەستییەکان (الخلیل،2016: 79). بەرجەستەبوونی بەها و دابونەریتە جڤاکییەکان وەك بەشێك لە کەلتوور لە ڕێی زمان و ئاخاوتنەوە دەبێت، هەربۆیە بەمەبەستی پاراستنی کەلتووری ئاخاوتنی ئەرێنی و پەسەندکراو قسەکەر دیاردەی کۆدگۆڕین لە ئاخاوتنیدا بەکاردەهینێت، ئەوەش لەڕێی بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی نەرمونیان لەجێی وشە و دەربڕینی زبر و نەشیاو .

7- هەر پەیوەست بە کەلتوورەوە، بەکارهێنانی دەربڕینەکان لەشێوەی نیشانە کۆمەڵایەتییەکانی تایبەت بە (خزمایەتی و کۆمەڵایەتی و ئاینی و نازناو و کار و پێشە و کەرەستەکانی بانگکردن و دەربڕاوە فەرمییەکان، نیشانەن بۆ گرنگیدانی ئەم کەلتورە بۆ بەرێزانەئاخاوتن، وەکو (کاکە، مامە، خاڵۆ، خاتوون، خوشکێ، دادە، کاك شێخ، حاجی مەلا، مامۆستا، دکتۆر، بەڕێز، جەنابی ...هتد)، هەروەها بەکارهێنانی چەندین دەربڕاو لەکاتی دەربڕینی تابوەکان و پەردەپۆشکردنی واتا ناپەسەندەکانیان، وەکو: (دوور لە ڕوتان، حاشا حازری، بیلامانا، پەرژینێکی قایم بێت، شەرع شەرمی نییە، عەیب نەبێت، ئیوەش وەکو برامن/خوشکمن...هتد)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ کاریگەری ئاین و دابونەریتی کۆمەڵی کوردەواری، کە لە گفتوگۆکاندا چی بە زمانی ئاخاوتن بێت یان هێمای نازمانییەکان، ڕێز بەرامبەر یەکتر دەنوێنن، بۆ نموونە بە کاریگەری ئاینی ئیسلام، کە ئاماژە بۆ گەورەی و پیشاندانی ڕێز بەرامبەر بە تەمەن و خاوەن زانستەکان دەکرێت یان بە کاریگەری لایەنی کەلتوریی، کە ڕێزی لە پلەوپایە کۆمەڵایەتییە بەرزەکان دەگیرێت، ئەمەش لە گفتوگۆکاندا ڕەنگیداوەتەوە) (ئارام حەمەرەشید،2012: 14) . بۆنموونە بەرانبەر بەو کەسانەی بەڕێزەوە قسەدەکەن و دوور دەکەونەوە لە بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی نەشیاو لە پەیوەندیکردندا چەند دەربڕاوێکیان بۆ بەکاردەهێنرێت، وەکو4-ا-ب-پ-ت-ح-خ-ج:

| شێوەزاری گەرمیان | زاری ژووروو |
| --- | --- |
| 4-ا-حەزدەکەی قسەی لەگەڵدا بکەیت. | ئەگەر تەدڤێت تو شی لگەل باخڤی . |
| ب-زمان شرینە. | ئەزمان خۆشە. دەڤ خۆش |
| پ-قسەی ڕێزی لێدەبارێت. | شەکر ژ ئاخفتنا وی دبارێت |

ت- زمان پاکە. ئەزمان باقژە
ح- (قسە/ زمان)زانە. زانیت باخڤیت
خ-بەگفت و لفتە. ب دەڤ و ئەزمانە
ج-قسە خۆش...هتد. (سەرچاوەی پێشوو:14) . دەڤ ب هنگڤینە...

8-مۆراڵ هۆکارێکیتری پەنابردنە بەر بەکارهێنانی یوفیمزمە لە کردەی پەیوەندیکردندا(زمان کاریگەرییەکی روونی لەسەر پێکهاتە مۆراڵییەکان هەیە، و پێدانی خەسڵەتی فراوان بە وشەکان لە رووی هەمەچەشنی واتاکان و جوانی و گونجان و شێوازەکانی، چونکە پابەندبوون بە مۆراڵی بەرز و پێشکەوتوو و یارمەتیی بوونی زمانێکی بەرز و زیندو دەدات، چەندین دەستەواژەی مۆراڵی و ئەدەبی لە فەرهەنگ و وشەدانی خۆیدا بەکاردەهێنێت)(رەشید، سەلام رەحیم"2023: ) .بەوپێیە پابەندبوون بە مۆراڵەوە هەمەچەشنی واتایی بە دەربڕینەکان دەبەخشێت، هەرلەبەرئەوەیە قسەکەر لە کاتی ئاخاوتندا دەربڕینگەلێك بەکاردەهێنێت بە ئامانجی رێزگرتن و نەرمونیانی لە گەیاندنی پەیام ، کارتێکردن و هێورکردنەوەی گوێگر....تد، ئەمانەش هەموو مۆراڵی زمانین. وەك5-ا-ب- :

| دەربڕینەکان | شێوەزاری گەرمیان | زاری ژووروو |
|---|---|---|
| 5-ا-دڵداری | ئەوین، حەز لێککردن، خۆشەویستی | ئەڤینی،حەژێکرن،ڤینامنە |
| ب-خوازبێنی | کاری خێر ، خزمایەتی | خازگینی، خزمانی |

## بەشی دووەم: دیسفیمیزم چەمك و هۆکارەکانی بەکارهێنانی

### پاری یەکەم : چەمکی دیسفیمیزم

دیسفیمیزم بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی زبر و نەشیاو و ناپەسەندە لەجێی وشە و دەربڕینی جوان و نەرمونییان و پەسەندکراو، زۆرجار دیسفیمیزم ئاماژەیە بۆ رق و کینە و داخ لەدڵی قسەکەر بەرانبەر بە گوێگر.

دیسفیمیزم بۆیەکەمجار لە ساڵی 1884 بەکارهێنرا، بە بۆچوونی ئەخمانۆفا لەساڵی 1969 بەمشێوەیە پێناسەی دیسفیمیزم کراوە((وشە و دەربڕینێکی خواستراوی ناپەسەند و ناشیرینە بەرانبەر بە وشەیەکی جوان)) یان وەك ئالان.ك.ویك روونی دەکاتەوە دیسفیمیزم بریتییە لە((دەربڕینگەلێك خراپە و سوکایەتی کردن بە گوێگر دەگەیەنێت، دیسفیمیزم وەك ئەلتەرناتیڤێك بەرانبەر بە وشەی ئاسایی و یوفیمزم و دەربڕینی نەرمونیان بەکاردێت)) هەرچەندە یوفیمزم و دیسفیمزم دوو دەربڕینی جیاوازن و یەکەم لە ساڵی 1861 و دووەم لە 1884 بەکارهاتوون بەلام لە کردەی پەیوەندیکردندا، دەکرێت، چەمکی وشەکان هۆکاری بەکارهێنانیان دژ بە یەك و جێگرتنەوەی یەکتر بن . بۆ زیاتر بڕوانە (Olga N. Prokhorova2019: 493 ,&.... Olga N. Prokhorova). دیسفیمزم جۆرێکە لە ئاخاوتن ، جۆرە دەربڕینێکی خاوەن سیمای ناپەسەند لەخۆدەگرێت وەك جێگرەوەیەك بۆ دەربڕینی جوان وپەسەند، دیسفیمیزم زۆرجار بەمەبەستی توانج و رەخنەگرتن یان راوبۆچوونی نێگەتیڤی پەنای بۆدەبرێت وەك 6-ا-ب-پ-ت-.

| وشە و دەربڕین | شێوەزاری گەرمیان | زاری ژووروو |
|---|---|---|
| 6-ا-کۆچی دوایکرد | مرد، پێچیکردەوە، تۆپی | سەکتی،بەلاوی ژمەڤەبی،مری.رەقبی،دەست و پێ لێجووت بی.... |
| ب- خواردی | زەقنەبووتیکرد | دفنارا بهێت، زەقنی . |
| پ-کەمئەندام | گۆچ، شەل | سەقت،قوپە. |
| ت- نابینا | کوێر | کۆرە، حتمە. |

جێی نکوڵیکردن نییە، کە بەکارهێنانی دیسفیمیزم و زمانی زبر لە ئاخاوتندا دیاردەیەکی ناپەسەند و قێزەونە و پێگەی تاك لە ناوکۆمەڵدا لە چینێکی ئاست نزم دیاریدەکات بەڵام رۆژانەش ئاخێوەران بەکاریدەهێنن و تەنانەت زۆرجار لەناو تەواوی چین و توێژەکانیشدا بەکاردەهێنرێت، هۆکاریشی ئەوە کە هەندێجار دیاریکردنی سنوور و قەڵەمڕەوی نێوان چەمکەکانی یوفیمزم و دیسفیمیزم کارێکی سانا نییە، چونکە هەندێ دەربڕین هەن روون نییە مەبەست لەبەکارهێنانیان چییە، ((هەندێك لە یەکە واتاییەکان بێلایەنن لە نێوان چەمکی واتایی توندی و نیانی، وەك کردەیەکی دوولایەن دەردەکەون، بەپێی سیاق بەکارهێنان لەتوانایاندایە هەردوو جۆری کردەی توندی و نیانی راپەڕێنن،وەك کردەکانی(پەیماندان، ئاگادارکردنەوە، دوعاکردن، بیرهێنانەوە) چەمکی توندی و چەکی نیایان لە پراگماتیك و سیاق بەکارهێنانیاندایە))(توفیق ومستەفا،2021: 15) بەپێی دەروروبەر دەکرێت مەبەست لە پەیماندن کە لەبنەڕەتدا نموونەیەکی جوان و نەرمونیانییە واتایەکی تێژ و هەڕەشەئامیز لەخۆبگرێت، هەروەها نزاکردن وپاڕانەوەیە لە پەروەردگار دەکرێت بۆمەبەستی توندوتیژی بەکاربهێنرێت، ئەمەش بەخشکەیی ئەوەمان پێدەڵێت، دەربڕینەکان لە ناواخن و بەپێی دەوروبەر زیاتر لە مەبەست و ناوەرۆکێك هەڵدەگرن، کەدەکرێت هەندێجار لە فۆڕمی یوفیمز و دیسفیمیزمدابن. هەروەها وشەکانی(شەیتان، نەفرەتی) نازانرێ سەر بە چ جۆرێکی یوفیمزم و دیسفیمیزمن، مەگەر بە گەڕانەوە بۆ دەوروبەر واتە چوونە ناو واتا و مەبەستی پراگماتیکی . بۆنموونە باوکێك بە کورەکەی دەڵێت (شەیتان )بەپێی دەوروبەری 1-2- واتاکە جیاوازە و هیچیشیان دیسفیمیزم نین لەکاتێکدا ناوە شەیتان لەناوکۆمەڵی موسڵماناندا قێزەونە وەك نموونەکانی 7-ا-ب-:

| | شێوەزاری گەرمیان | زاری ژووروو |
|---|---|---|
| 7-ا- کارێکی قورسی ئەنجامداوە ، | شەیتان = ئازا. زیرەك ، بەهێز | زیرەکە، ئیبلیسە،شەهرەزایە |
| ب-زانیارییەکی نەزانراوی بەدەستهێناوە، | شەیتان = لێزان ، وریا | ئەقل جهیە، بیژییە |

دیسفیمیزم لەگەڵ سروشتی مرۆڤدایە، لیکۆڵینەوەکان ئەو راستییەیان سەلماندووە، منداڵ لەتەمەنی 6 ساڵییەوە وشە و دەربڕینی دیسفیمیزمی بەکاردەهێنێت ئاخێوەرێکی ئاسایی رۆژانە 10 وشە و دەربڕینی دیسفیمیزمی بەکاردەهێنێت،.https://www.facebook.com/al5aton/posts/3080394772020858/ هۆکاریشی ئەوەیە ئەو جۆرە دەربڕینانە لە توانستی هەموو تاکێکدا و لە فەرهەنگی ئاوەزی هەموو بەکارهێنەری زمانیکدا بوونیان هەیە، قسەکەر بەپێی دەوروبەر، باری دەروونی، کۆمەڵایەتی....تد پەنا دەباتە بەر بەکارهێنانیان . بۆنموونە بە بەکارهێنانی کەرەستە سەرو سێگمینەتەکان لەکاتی دەربڕینی وشەکانی(بەڵێ، بەڵێ، وایە وایە. ئێ ئێ.....)وشەکان

دەچنە قاڵبی دەربڕینە دیسفیمیزمەکانەوە هەروەها وشەکانی((نەزان، بێئەقڵ ، گێل ، شێتە ....) لەو وشانەن زۆرجار ئاسایی بەکاردەهێنرێن لە کاتێکدا دەربڕینی زبر و تێژن . (Miguel Casas Gómez,2012: 49) .

بەشێك لە زمانەوانان پێیان وایە، ڕێگریکردن لەبەکارهێنانی یوفیمیزم و وشە و دەربڕینی نەرمونیان لە ئاخاوتندا جۆرێکە لە بەکارهێنانی دیسفیمیزم، هۆکارەکەشی ئەوەیە، ڕێگەنەدان بە بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی نەرمونیان بۆخۆی تودوتیژی زمانییە چونکە ئەوەی جێیدەگرێتەوە بە پێویستی وشە و دەربڕینی نەخوازراو و نەشیاو دەبن ئەوانەش دەربڕینی دیسفیمیزمین. بۆزیاتر بروانە (سەرچاوەی پێشوو، ل50)

بەگشتیش دەتوانین بڵێین دیسفیمیزم بەکارهێنانی وشە و دەربڕینی توند و تیژ و ئازاربەخشە لە ئاخاوتندا، دیسفیمیزم دۆخێکی نەرێنی ناپەسەند و نەخوازراو پیشاندەدات، وەك سوکایەتیپێکردن، ناشیرینکردن، ئازاردان، شێواندن....تد، بەکارهینانی ئەو جۆرە دەربڕینانە سەرباری دەورووبەر و هەڵوێستی ئاخاوتن، هاوکات پەیوەندی بە دۆخی دەروونی و کۆمەڵایەتی ، ئاستی ڕۆشنبیری و پێگەی کۆمەڵایەتی و جۆری پەیوەندی(فەرمی ، نافەرمی)ئاخێوەرانەوە هەیە .

## پاری دووەم : دیسفیمیزم و پراگماتیك

پراگماتیك لە واتای شاراوەی دەربڕینەکان دەکۆڵیتەوە، کە بەپێی زانیاری هاوبەشی قسەکەر و گوێگر بنیاتدەنرێت، بەبۆچوونی( لیچ) ناتوانین بە تەواوی لە زمان بگەین هەتا لە پراگماتیك و چۆنییەتی بەکارهێنانی زمان لە کردەی پەیوەندیکردندا نەگەین . بۆزیاتر بروانە( Leech , 1996 .p8 )

لە پراگماتیکدا قسەکەر شتێك دەڵێت و مەبەستی شتێکی ترە. گوێگر شتێك دەبیستێت و شتێکی تر لێکدەداتەوە ، واتە پراگماتیك زانین و لێکدانەوەی واتا شاراوەکانی ئاخاوتنە , نەك واتا رووکەش و دیارەکانی، بەوپێیە دەکرێت مەبەستی دەربڕینێکی ئاسایی و پەسەند و نەرمونیان بەپێی پراگماتیك بگۆڕدرێت بۆ دەربڕینێکی ناپەسەند واتە دیسفیمیزم . وەك نموونە 8:

نمونەی 8 مامۆستا بەخوێندکارێکی کە نمرەیەکی خراپی هێناوە لە تاقیکردنەوەدا :

– دەستخۆش

دەربڕینی دەستخۆشی کە لە هەمانکاتدا کردەیەکی ئاخاوتەییە، بە مەبەستی ستایش و پیاهەڵدان پێزانینە، کەچی لەو دەربڕینەدا مەبەستەکان ئاوەژوو بووەتەوە و مەبەستی سەرزەنشت و گاڵتەپێکردن دەگەیەنیت ئەمەش بۆخۆی چەمکی دیسفیمیزمە .

سیمایەکیتری پراگماتیك کۆکردنەوەی هەردوو چەمکی یوفیمزم و دیسفیمیزمە لە ئاخاوتندا . ئەوەش لەرێی لادان لە بنەماکانی ئاخاوتن ، سەرەتا بە چەمکی یوفیمزم دەستپیدەکات بەلام هاوکات بەپێی پێکدانانی بنەماکان هاریکاری واتایەکی دیسفیمیزمی فەراهەمدەکات(عومەر"2014: 66) . وەکنموونەی 9:

نمونەی 9 نەسرین کچێکی باشە، بەلام زۆریش دەچێتە دەرەوە

لە نموونەی(9 )دا قسەکەر بە مەبەست زانیارییەکی گوماناوی دەربڕینیك ئاراستەی گوێگردەکات، یوفیمزم و دیسفیمیزمیش لە خۆدەگرێت، بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێت، واتا گوماناوییەکە کاریگەرترە، ئەمەش بەخشکەیی ئەوەمان پێدەڵێت، کە واتای دیسفیمیزمی کاریگەرترە لە واتای یوفیمیزمی .

دیسفیمیزم زۆرجار بەهۆکاری ڕێزمانی بنیات دەنرێت، واتە دۆخ و حاڵەتێکی ڕێزمانی دەبێتە سەرچاوەی گۆڕینی واتای وشەیەك لە وشەیەکی یوفیمزمییەوە بۆ وشەیەکی دسیفیمزم((هەر مۆرفیمێك پێشگر، پاشگر بە هەرلێکسیمێك لە لیکسیمەکانی ئاخاوتن بلکێت، ئاراستەی لێکسیمەکەی گۆڕی و واتای توند یان نیانی پێبدات، یان لێکەوتەیەکی توند یان نیانی لێبکەوێتەوە لەمبارەدا دەتوانرێت بە مۆرفیمێکی توند یان نیان دابنرێت))(تەوفیق،2021: 16) وەك نموونەی 10 ا-ب-پ:

| دەربڕین | شێوەزاری گەرمیان | زاری ژووروو |
|---|---|---|
| 19-ا- عەقڵ | بێعەقڵ | بێ عەقل |
| ب- شیرین | ناشیرین | نەشرین |
| پ- رێك | نارێك | نەرێک |

دۆخیکیتری ڕێزمانی مۆرفۆسینتاکسە، کە زۆرجار لە ئەنجامی پێرەوکردنی لە کردەی پەیوەندیکردندا هەندێ دەربڕین بەرهەمدەهێنێت، تابوو و ناپەسەند و قەدەغەکراون، وەك نمونەی 11-ا-ب-:

| نمونە | شێوەزاری گەرمیان | زاری ژووروو |
|---|---|---|
| 11-ا-چێشتەکەم لێنا | لێمنا | من چێێکر |
| ب- پارەکەم خستە دەخیلەکەوە | تێمخست | من کرەتێدا |

دەربڕینە مۆرفۆسینتاکسییەکانی(لیمنا ، تیمخست) و ئەو شێوانە سەرباری ئەوەی دەربڕینی تابوون لەهەمان کاتدا زۆر تیژ و تارادەیەك قبوڵنەکراون بەتایبەتی بەکارهێنانیان بەرانبەر بەرەگەزی مێ .

## هۆکارەکانی بەکارهێنانی دیسفیمیزم

1- هەستکردنی قسەکەر بە سوکایەتیپێکردن بەپێی ئەو هەڵوێستەی گفتوگۆی تێدادەکرێت، واتە کاتێك قسەکەر هەست بە گاڵتەپێکردن یان سوکایەتی دەکات پەنادەباتە بەر گۆڕینی دەربڕینە ئاساییەکان بە دەربڕینی زبر و ناشیرین و پەسەندنەکراو . ئەمەش بەخشکەیی ئەوە دەگەیەنێت کە دیسفیمیزم دەکرێت ئەنجامی کاردانەوەیەك بێت لەلایەن قسەکەرەوە لە کردەی پەیوەندیکردندا .

2- فشاری دەروونی یەکێکە لە هۆکارەکانی لەدەستدانی هاوسەنگی لەبیرکردنەوە و بڕیارداندا، بەپێی زمانەوانی کۆمەڵایەتی هۆکارێکی کەمکردنەوەی فشارەدەروونییەکانی ئازادییە لەبەکارهێنانی زماندا، بەتایبەتی دەربڕینە دیسفیمیزمی و تابو و قەدەغەکراو و ناپەسەندەکان، بەپێچەوانەی پابەندبوونی تەواو لەبەکارهێنانی زماندا وەك پەنابردنە بەر دیاردەی یوفیمیزم لە ئاخاوتندا ، بۆنموونە هەڵچون، پێوەندی بە دۆخی دەروونی قسەکەرەوە هەیە، قسەکەر لە دەربڕینەکانیدا سەرسوڕمانی خۆی بەرانبەر بەدیاردەیەك یان حاڵەتێك یان ڕووداوێك، ئاخاوتنێکی کەسێك ، هەڵوێستێك بەبەکارهێنانی وتەی نەشیاو دەردەبڕێت ، https://www.facebook.com/al5aton/posts/3080394772020858/.

3- قسەکەر هەندێجار مەبەستی ئازاردان و شپرزکردنی گوێگر و سوکایەتیپێکردنییەتی، ئەمانەش هۆکارگەلێکن بۆ بەکارهێنانی دیسفیمیزم. واتە پێچەوانەی هۆکاری یەکەم قسەکەر بەمەبەست هەندێ دەربڕینی ناپەسەند و نەشیاو بۆ ئازاردانی گوێگر و لەکەدارکلادنی بەکاردەهێنێت ، ئەو کردەیەش لەڕێی گۆڕینی هەندێ وشە و دەربڕینی ئاسایی و نەرمونیانەوە دەبێت بە وشە و دەربڕینی توند و تیژ و ئازاربەخش.( olga....2019: 498 بۆنموونە لە دۆخی بانگکردندا گەر قسەکەر مەبەستی بێت ئازاری گوێگر بدات ئەوا دەربڕینەکان و ئامرازە نەشیاوەکان بەکاردەهینێن لەجێی ئامرازی ئاسایی وەك نمونەی 12 ا-ب:

نمونە شێوەزاری گەرمیان زاری ژووروو

12-ا-کاکە وەرە بۆ ئێرە هێی وەرە بۆ ئێرە وەل وەرە ڤێرێ

ب-دەتوانیت هەستی دەی هەستەن رابە دێ، هلۆڤە..

4- بەزاندنی نەریت و بنەما کۆمەڵایەتییەکان لەلایەن قسەکەروە زۆرجار هۆکارێکە بۆ بەکارهێنانی دیاردەی دیسفیمیزم، واتە قسەکەر بەمەبەستی سوکایەتیکردن و بێبەهاکردنی کەلتور و دابونەریت و یاسا کۆمەڵایەتییەکان، پەنا دەباتە بەر گۆڕینی هەندێ دەربڕینی نەرمونیان بە دەربڕینی توند و ناپەسەند . وەك نموونە13 ا-ب-:

نمونە شێوەزاری گەرمیان زاری ژووروو

13-ا-پەکی کەوت(پیربوو) تری برا چ تێنەمایە،چوویە..

ب- ناڕاست ماموٚستای درۆ کیشۆ،درپاناد کەت

5- پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیش زۆرجار هۆکارن بۆ بەکارهێنانی دیاردەی توندوتیژی لە زماندا، هەڵبەت ئەوەش کۆمەڵێ یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، بۆنموونە بەپێی تەمەن ، ڕەگەز، پیشە پێگەی کۆمەڵایەتی....تد دەبێت، زۆرجار هاوڕێ و هاوتەمەن و هاوپێشە بەمەبەستی گاڵتەو بەسەربردنی کاتی خۆش لەجێی وشە و دەربڕینی نەرمونیان و پەسەندکراو وشە و دەربڕینی توند و نەشیاو لەگەڵ یەکدی بەکاردەهێن و ئاسایش پەسەنددەکرێت. وەك نموونەی 14ا-ب- :

کفتوگۆی نێوان دوو هاوڕێ

14-ا-چایەکەت قوزەڵقوردکرد

ب- بەڵێ قوربان

6- شیعرییەت و دەق ئەدەبی ئامرازێکی بەهێزی دیسفیمیزمن وەك جیگرەوەیەك بۆ یوفیمیزم، پەیوەست بە ڕەخنەی کەلتورییەوە، چونکە توانای بیر و بیرکردنەوە لەکایەی ڕەخنە و ڕەخنەی کەلتوورییەوە دێتەبوون، ڕەخنەی کەلتوری چالاکییەکی هزرییە، لە کەلتورەوە سەرچاوە دەگرێت، کەلتور بەواتا فراوانەکەی دەبێتە مژاری توێژینەوەکانی، ڕەخنەی کەلتوری وەك بابەتێکی زمانەوانی کاردەکات لەسەر ڕاڤەکردن و ڕەخنەگرتن لە دەربڕاوە سیستماتیکییەکان و ئاشکراکردنی واتا شاراوە پەیپێنەبراوەکانی.

بەو پێیەی ڕەخنەی کەلتووری مامەڵە لەگەڵ واتا پەیپێنەبراوەکاندا دەکات دەکرێت وەك هێزی هزر سەیربکرێت(ڕەخنەی کەلتوری توانای هزریە لە خوێندنەوەی قوڵ و وردی دەق و پەیبردن بە پێوەندییەکانی دەق لەگەڵ بەهاکان لەلایەك و پێوەندی دەق بە لایەنەجیاوازەکانی کەلتور کە تاك بەکاریان دەهێنێت و لە دەقدا ڕەنگدەداتەوە لەلایەکیترەوە) .

هونەرەکانی ڕەوانبێژی واتای شاراوە بەرهەمدەهێنن، پەیبردن بە واتا شاراوەکان پێویستی بە دەوروبەری ئاخاوتن(شیعر )گوتن دەبێت، بەڵام هەندێ گوتاری شیعری هەن بەتەواوی چەمکی دیسفیمیزمی تێدا پێڕەو دەکرێت ، بەبێئاماژەدان بە هیچ دەربڕینێکی توند و تیژ، ئەوەی ئەو واتایە دەگەیەنیت دەوروبەر و کەلتوورە. وەك نموونەی ( 15 )

چرا

با چرایەك داگیرسێنێن

تا بزانین

کامان دیارنین دیوانی لەتیف هەڵمەت ل1267

لە دەق(15)دا سەرباری ئەرکی دروستەیی ئەرکی سێمانتیکی، کە لەڕێی پێوەندییە گراماتیکیی و سێماتنیکییەکانی دەقەکەوە بەدەست دێت، واتاگەلێکی بەخشکە دەربڕراو دەگەیەنێت، تێیدا قسەکەر ئالنگاری گوێگر دەکات بەوەی (ئایا دەتوانی ڕاستی خۆت بخەیتە ڕوو؟ ئایا بوێریت و توانای ڕووبەڕووبوونەوەت هەیە؟ هەروەها واتایەکیتری دەقەکە ئەوەیە، کە قسەکەر بەگوێگر دەڵێت ڕاستییەکان لەڕووبەڕوبوونەوەدا دەردەکەون) . هەموو ئەمانە واتای شاراوەن و بەپەنهانی دەردەبڕرێن، هیچ پێوەندییەکیان بە واتای سێمانتیکی یەکە زمانییەکانی دەقەکەوە نییە، واتە ئەوانە واتای پراگماتیکیین و جیاوازن لە واتای فەرهەنگی و بنەڕەتی وشە و ڕستەکانی دەقەکە و بەپێی دەوروبەری جیاواز دەق ژمارە(2) دەیگەیەنێت بۆزیاتر بروانە(مجد"2023: ). ئەو وتایانە واتای دیسفیمیزین لەجێی واتای ئاسایی دەقەکە بەکارهاتوون کە لە دەربڕینێکی ئاسیی و نەرمونیانەوە سەرچاوەدەگرن. .

7- گۆڕانی واتایی یەکێکترە لە هۆکارەکانی پەیدابوون ی دیاردەی دیسفیمیزم لە ئاخاوتندا، وشە و دەربڕینەکان بە سروشت گۆڕانکاریان بەسەردا دێت، ئەوەش تایبەتمەندییەکی ئاسایی زمانە و لە هەموو زمانێکدارووددەدات، بەشێوەیەك گۆڕانکارییەکە دەگاتە فەرهەنگ و لە ئاخاوتنی ئاخێوەراندا ڕەنگدەداتەوە (ئەورەحمان،2015: 86) . بۆنموونە وشەی (تیاترۆ9 سەرەتا بەو کەسانە وتراوە کە سەمایان کردووە، بەلام ئێستا وشەیەکی دیسفیمیزی زۆر توندە بەرانبەر بەو ئافرەتانە بەکاردێت، کە کاری لەشفرۆشی دەکەن .

## ئەنجامەکان

1- وەك هەنگاوێك بۆ لێکنزیککردنەوەی زار و شێوەزارەکانی زمانی کوردی ، لیکۆڵینەوەکە لەڕێی شیکردنەوەی هەردوو چەمکی یوفیمیز و دیسفیمیزم هەوڵی خستنەرووی وشە و دەربڕینەکان و جێی یەکگرتەوەیان هۆکارەکانی بەکارهێنانیان لە هەردوو زار و شێوەزارەکەدا بەو ئاراستەدا کاردەکات .

2- بەکارهێنانی یوفیمیزم بە مەبەستی دوورکەوتنەوە و خۆگونجاندنە لەگەڵ دۆخێك، کە قسەکەر پێرەوی بنەمای بەرژەوەندخوازی(مادی-مەعنەوی) دەکات، ئەمەش بە گۆڕینی وشەی تیژ بە نەرمونیان و کۆدگۆڕن و کۆدتیکەلکردنەوە دەبێت . هەرچی دیسفیمیزمە ئەوا پێچەوانەیە و گۆڕینی وشە و دەربڕینی نەرمونیانە بە وشە و دەربڕینی تیژ و نەشیاو، کە ئەویش هۆکاری وەك دەروونی، کۆمەڵاتی ، پێگەی قسەکەر...تد لەپشتەوەیە.

3- هۆکارەکانی بەکارهێنانی دەربڕینە یوفیمیزمی و دیسفیمیزمییەکان زۆر هەمەچەشنن، هەر لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ، جیاوازی چین و توێژەکان، تەمەن ، رەگەز و رۆڵیان هەیە لەکارهێنانیاندا .

4- دۆخەرێزمانییەکان و واتای پراگماتیکیش بواریکی چالاك دەرەخسێنن بۆ جیگرتنەوە و جیگۆڕکێکردنی وشە و دەربڕینە نەرمونیان بە دەربڕینی توندو تیژ و بەپێچەوانەشەوە ڕاستە .

## سەرچاوەکان


1- ئەورەحمان، ئالان محمد(2015) پەچەواتا لە بۆتەی کۆزمانەوانیدا، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی .

2- توفیق، قەیس کاکل و مستەفا، چیا عەلی(2021)(توندی و نیانی لە گوتاری سیاسیدا،هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان بەنموونە) گۆڤاری توێژەر، بەرگی 4، ژمارە 1

3- دیوانی لەتیف هەڵمەت( 2014) ناوەندی غەزەلنووس بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی .

4- رێژنە ئیسماعیل(2023) رۆلی نیشانە لەڕوونکردنەوەی واتادا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر .

5- رەشید، سەلام رەحیم(2023) مۆراڵ لە زمانی کوردیدا" نامەی دکتۆرا، زانکۆی کۆیە .

6- شاخەوان جەلال، هیوا مەولود(2018) کۆد گۆڕینەوە و کۆد تێکەڵکردن، مجلة جامعة التنمية البشرية،بەرگی 4 . سلێمانی .

7- عومەر" نەوزاد ئەونوە(2014) هەندێ لایەنیکۆمەڵایەتی پراگماتیك لە زمانی کوردیدا، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی .

8- محمد،دارا حەمید(2023)بنیات و واتا لە زمانی کوردیدا" ئەکادیمیای کوردی، هەولێر .

9- محسن حسێن مستەفا، یوفیمیزم د زمانێ کوردیدا، نامەی ماستەر، زانکۆیا دهۆکێ، فاکۆلتییا زانستێن مرۆڤایەتی، سکولا ئادابێ، 2013، 44.

10 Zhuo Jing -Scmidt , hand book of pragmatics: John Benjamins publishing, 2021.

11- Samuel king, euphemisms in language, UK,York University,2015.

12- Geoffrey Leech, semantic. The Study of meaning. End , London: Pelican Books, 1981. 137.

13- Widya Yenny, Sari, “Euphemistic Expression in NDPENDET NEWS, Semantics Approach’’ Unpublished MA thes at the Department English literature , Faculty of social sciences and humanitics putera University,2020.

14- Olga N. Prokhorova& Igor V. Chekulai& Elena V. Pupynina& Ekaterina F. Bekh,(2019) ARE EUPHEMISM AND DYSPHEMISM OPPOSITE ASPECTS OF ONE LINGUISTIC PHENOMENON? Periódico do Núcleo de Estudos e Pesquisas sobre Gênero e Direito Centro de Ciências Jurídicas - Universidade Federal da Paraíba V. 8 - Nº 06 - Ano 2019 – Special Edition ISSN | 2179-7137

15- Miguel Casas Gómez(2012) The Expressive Creativity of Euphemism and Dysphemism, Lexis Journal in English Lexicology,